# دیواری بەرلین بۆ یادگارییە!

ئا/ شێرزاد هەینی
sherzad55@hotmail.com




ئەو وێنەیە لە تەنیشت ئەو پارچە دیوارەی لە ناوچەی بوتسدام لە بەرلین بۆ یادگاری ماوەتەوە. گێراوە.



وێنەیەک لەسەر شوێنەواری دیوارەکەی بەرلین گیراوە.

دوو سەفەرەی یەک دوو هەفتەیەم بۆ بەرلین کردووە، منیش وەک سەدان کەسە گەشتیارەکان لە دیارە پارچە دیوارەکانی ناو بەرلین وەستاوم، وێنەم گرتووە، لە دیارە تابلۆیەکانم وەستاوم، چاوم لە نووکە چەکوچانی رووخانەکەی گیرکردووە، دیارە دەستی مێژوو و کەسانی شوێنەوارناس بواریان نەداوە، هەموو بروخێنن، لە چەند ناوچەیەکی ئەو شارە گەورەیە شوێنەواریان هێشتووتەوە، بناخەکەیان، دووریز کەرپووچەکەیان وەک خۆی لەناو جەرگی شەقامەکە سەرەکییەکە هێشتێتەوە.
دیواری بەرلین بەیەکجاری رووخاوە ئەوەی ماوە بۆ یادگارو چاوی کامیراو زانینی مێوانە بێگانەکانە، کە زۆر دێنە ئەو شارە، پارچەکانی ئەو دیوارە کۆنکریتیە لە بازارەکانی بەرلین دەفرۆشرێتە گەشتیارەکان، بەڵام کەسیش نازانێ ئەو پارچە بەردانە بەراستی بەشێک بووە لەو دیوارە یان تەنها پارچە بەردێکی ئاساییە. تا رۆژی رووخانی ئەو دیوارە لە 9 ی نۆڤمبەری ساڵی 1989 نیشانەو هیمای لەتبوونی ئەو شارەو ئەو وڵاتەبوو، نیشانەی شەری ساردو دوو جەمسەری جیهان بوو، بەڵام ئێستا وەک چۆن ژنە مێژوونووس ( گابریللا کامبهاوزن ) نووسیویەتی:
ئەو دیوارە وەک یادێک لە هزری ئەلمانەکان ماوە، لەناو ئەلمانیا ئەو دیوارە یادو بیرەوەرییە، نوێژێکردنیش بۆ قوربانیەکانی ئەو دیوارە بەردەوام دەکرێت، ناوی ئەو بەرپرسانەش دێ کە ئەوانەی ویستوویانە ئەو کەسانە بکوژن، یان بگرن کە ئەو کەسانەی دەیانویست بۆ رزگاربوونیان لە بەرلینی خۆرهەڵاتەوە لە دیوارەکە ئاودیوبن، ئەوەش ژان و برینەکان هەڵدەداتەوە.
ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش بەسەر کارەساتەکانی رۆژانی بوونی ئەو دیوارە گوزەری کردووە، کاریان زۆریش لەسەر کێشەکان و رووداوەکان و لێپرسینەوە زۆریش کراوە، بەڵام هێشتا نەزانراوە قوربانیانی ئەو دیوارە چەند کەس بوو، وەزارەتی ناوخۆی ئەلمانیای خۆرهەڵات ( شتازی ) لە شاردنەوەی دۆسیەکان شارەزابوون، هەرچەندی هەواڵگری خۆرئاواییەکان سۆراخیان کرد دۆسیەی وایان دەست نەکەوت، کۆششی کارمەندانی مافەکانی مرۆڤ نەگەیشتنە راستی ژمارەی قوربانیەکانی ئەو رووداوانە، ئەگەرچی بە دوای 100 هەزار

دۆسیەی ئەو رووداوانە گەڕان.

ڕێکخراوی 13 ی ئۆگسستی، سوورە لەسەرئەوەی کەوا قوربانیەکەی دەربازبوون لەسەر دیوارەکە لە نێوان سالآنی 1961 تا 1989 تەنها 268 کەس بووە، بەڵام نیابەی برلین لە ساڵی 2000 ژمارەی قوربانیەکانی بە 190 کەس داناوە، بەڵام لیژنەی لێکۆلینەوە لە دادگاکان لە دۆسیەکانی دەربازبوون لەسەر دیوارەکە ژمارەی قوربانیەکەی بە 238 کەس زانیبوو.

لە ئامۆژگەی توێژینەوەی مێژوویی لە بوتسدام کۆشش دەکەن، تا ژمارەی راستی ئەو قوربانیانە بزانن، ئەو لیژنەیە لە فبرایری ساڵی 2006 ژمارەکەیان بۆ 125 کەس کەم کردەوەوە، لەوانە 62 رووداویان لە کێسەکە نەهێشتووە، لە بەرنامەیاندایە لە 81 رووداوی تر بکۆڵنەوە.

زۆربەی ئەو رووداوانەی مردنی لیَ دەکەوتەوە، لەو پێنج ساڵەی سەرەتایی دانانی دیوارەکەبووە، واتە لە سالآنی 1961 تا 1974 بووە، لەوانە زۆربەیان کورانی گەنجی تەمەن لەژێر 30 سالآن بوو، لەوانەی کوژراون 10 ژن و دوو منالٌیش هەبووە. یەکەم ژن لە سەر ئەو دیوارە کوژرابێت، ژنێک بوە، ناوی ( ئایدا سیکمان )، ئەوەی بۆ بەزاندنی دیوارەکە بەرەو شەقامی بیرناوری بەرلینی خۆرئاوا کۆششی کردبوو. ئەو ژنە لە پەنجەرەیەک خۆی فرێدابوو، تا بکەوێتە سەر بەشەکەی تری دیوارەکە لە بەرلینی خۆرئاوا.

یەکەم کەس بە گوللەی پاسەوانانی سنوور کوژرابێت، لە رۆژی 24 ی ئۆگسستی 1961 ئەویش ناوی ( گونتر لیفتین ) ی تەمەن 24 ساڵە بوو. لە ناوچەی فریدریش شتراسە. کە لە ساڵی 1966 رای گشتی و ئەلمانی هاتە هەژان، کە سەربازانی ئەلمانیای خۆرهەڵات تەقەیان لە دوو منالٌی تەمەن 10 و 13 ساڵ کردبوو، ئەو دوو منالٌە بە هاندانی باوکیان ویستوویان سنوور ببەزێنن.

لە 7 ی فبرایری 1966 سەربازانی ئەلمانیای خۆرهەڵات لە جیاتی گێرانەوەی ( فیلی بلۆک ) تەقەیان لێکرد، ئەو توانیبووی ناوچە دژوارەکە ببرێت، بەڵام لە نێوان درکی نێوان سنوورەکە مابۆوە، بۆیە دەربازنەببوو. دوا کەسیش لە کۆششی دەربازبوون کوژرا ( کریس جوفری ) بوو کە لە 6 ی فبرایری 1989 بە گوللەی سەربازان کوژرا. فینفرید فرویدنبیرگ بۆ رزگاربوون لە ئەلمانیای  خۆرهەڵات ناوی کەوتە ناو لاپەرەکانی مێژوو بەڵام بە شێوەیەکی سەیر، ئەو کوژرا، کە ویستی بە بالۆنێک بفرێت، لە وڵاتەکە دەربازی بێت، بەڵام لە ئاسمانەوە تەقەیان لێکردو کوژرا. لە رۆژانی راونانی کەسانی راکردوو، لە لایەن سەربازانەوە کەسێکی پاسەوانی سنووریش کوژرا کە ویستبووی رابکات، لە راونانی  کەسانی ترەوە زۆر سەربازیش لەناو درک و تێلەدڕەکان و دیوارەکان زامدار دەبوون.

لەو رووداوانە دوو جۆرە دادگاو لێپرسینەوە هەبووە، ئەوانەی کۆششی دەربازبوون و ئاودیوبوونیان دەکرد، دەگیران، بۆ سزادانیان دادگایی دەکران، لە نۆهەدەکان و سەرەتای دوو هەزاریش لە لایەن نیابەی گشتی بەرلین دادگایی ئەو سەربازانەکرا کە تەقەیان لەو کەسانە کردبوو، کە نیازیان دەربازبوون بووە، لە دادگاکانی بەرلینی خۆرهەڵاتەوە 75 هەزار کەس بە توومەتی دەربازبوون لە دیوارەکە بەرەو بەرلینی خۆرئاوا دادگایی کراون، سزاکەشی زیندانی 3 ساڵ هەتا 8 ساڵ بووە، ئەوانەی بۆ دەربازبوونیش چەکیان بەکارهێناوە قورسترین سزایان دراوە، ئەوانەی ئاسانکارییان بۆ دەربازبوون کردووە سزادروان، سزاکەیان تا گیرانی ئەبەدی بووە.

کەسایەتی ناودارو پلەداری وەک ئایگۆن گرنزی دوا سەرۆکی پاش ئایریش هونیکر، ئایریش میلکەی سەرۆکی شتاری و هاینز کیسلری وەزیری بەرگری، بە تاوانی تەقەکردن و فەرماندان بە کوشتنی خەڵکە درانە دادگا، هەر ئەوانە نەبوون فەرماندەو سەرکردەی سەربازی زۆر دەرانە دادگا، بەڵام ئەوانە نکۆلیان لەو فەرمانەکردووە، سەربازەکانیش لەلای خۆیانەو بیانۆکەیان هەر ئەوەندە بووە، کەوا ئەوان فەرمانی سەرووی خۆیان جێبەجێکردووە. نیابەی گشتی بەڵگەی ئەوەیان دەست نەکەوت، کەوا سەرکردایەتی ئەلمانیای خۆرهەڵات فرمانیان دابێت تەقەی کوشتن لەو جۆرە کەسانە بکەن.

ئەو دادگایانە تا پایزی ساڵی 2004 درێژی کێشا،  لە دانیشتنە درێژەکاندا، لە ژمارەیەکی زۆری راپۆرت و شاهیدو بەڵگەکانیان کۆلیەوە، دادگا لەوانە 35 کەسی ئازادکردووە، سزای سووکی بەسەر 44 کەسیش داوە، لەوانە 11 کەس تا کەمتر لە 10 ساڵی زیندانیش گیراون.
رۆژنامەی بیلیدی ناودار لە ژمارەی 13 ی ئوگسستی ساڵی 2007 وێنەی بەڵگەنامەیەکی 7 لاپەرەییان بڵاوکردەوە، کە تێدا هاتووە فەرمان دراوە تەقە لەهەر کەسێک بکەن، ئەگەر بیەوێت لە سنوورەوە دەربازبێت، جا ئەو کەسانە پیاوو ژن و منالیش بن، لە رۆژنامەکە نووسراوە کەوا ئەو بەڵگەنامەیە لەو ماوەیەدا لەناو دۆسیەکانی ( شتاری ) دانرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر نووسرابوو رێنماییەکان، بۆیە سرنجی کەسی رانەدەکێشا، ئەگەر ئەو فایلە لە رۆژانەی دادگاکان لەبەر دەستان بووایە دەکرا، زۆر لایەنی دادگاکان بگۆرێت.
لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، کەوا یەکەیەکی تایبەت لە 60 تا 70 کەس لە بەکرێگیرەوەکان دابنرێت، ئەوانە لەسەر دیوارەکە وەک سەربازی پۆلیسی سنوور کارمەندبن، ئەوانە فەرمانی تەقەکردنیشیان هەبوو، بەڵام لە دادگاکان زۆر لە سیاسەتمدارەکانیان دانیان بەو مەسەلەیە دانەدەنا،  چونکە ماوەی 40 ساڵ بەسەر رووداوەکان داهاتووە، بەڵام سیلیڤان نیمان لە نیابەی گشتی وتوویەتی: لەبەربونی مەسەلەی کوشتن، بۆیە ناکرێ ئەو رووداوانە دابخرێت، لە دادگای ئەلمانی ئەو جۆرە کێشانە ئەگەر کوشتنی تێدابێت، هەر دەمینێتەوە، رەنگە دادگاکە بگاتە سەر سەرۆکی پێشووی ئەلمانی دیموکراسی ئایگۆن کرینزیش، ئەوەو چەندین ژەنرالی پلەداریش دەگرێتەوە، ئەگەر دادگای سزادانی یەکگرتوو رەزامەندبێت لەسەر نۆژەنکردنەوەی دۆسیەکان.
ئەو دیوارە ناشیرینەی خوێنی زۆری لەسەرو بۆ رژاوە، بەڵام ئیمرۆ بوویتە یادگار.

---

سوود لە وتارێکی ماجد الخطیب لە رۆژنامەی الشرق الاوسط وەرگیراوە.